# بۆمبێکی نەتەوەیی و سیاسی لەندەن دەهەژێنێت

هەڵۆ بەرزنجەیی




**رونکردنەوەیەکی کورت:** لە بەراودێکی کورتی هەڵوێستی مێژووی ئەم وڵاتە لەگەڵ دۆخی کورد و ئەو هەموو وزە و توانا و خواستەی کورد بۆ سەربەۆیی و قوربانی و تێکۆشانی بەردەوام کە لە ئێستادا لە باکوور داوای برایەتی گەلان و پرۆسەی ئینتەگراسیۆن دەکەن، سەروبەر پێچەوانەی یەکن.مرۆی هۆشیار و وریا و خاوەن رۆشنبیریی و مەعریفە هیچ راستی و لۆژیکێک لە بیرکردنەوە و هەڵوێستی کورددا نابینێتەوە. ئەوەی ورد دەیکات و هەوڵی بۆ دەدات پێچەوانەی ڕەوتی مێژووە. ئیرلەندا و سکۆتلەندا و وێڵز لە سایەی وڵاتێکی هەرنەبێت ئەوروپایی پێشکەوتوو و دیموکراسەوە بانگاشەی جیابوونەوە و سەبەخۆیی دەکەن، کەچی کورد لە نیمچی ئازادی و سەربەخۆییەکەوە دەیەوێ بچێتەوە ژێر رەحمی شمشێری داگیکاری و ستەمی چەوسانەوەی نەتەوەی و پایەی ئەو دەوڵەتانە بهێزتر بکات کە بەرنامەی جینۆسایدی کوردیان لە هەگبەدایە...

ئەم باسە وتارێکی خۆم و بابەتێکی وەرگێرانە لەسەر پرسی جیابوونەوە و ریفەڕاندۆمی سەربەخۆیی.

رۆژی ١٢.٩.٢٠٢٦ سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی وڵاتی ئیرلەندای کرد و بە تەنیا دەربڕینێک جۆشوخرۆشی نەتەوەیی ئیرلەندا و سکۆتلەندا و وێڵزی گەرم کردەوە و گڕی لە خەرمانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز بەردا .ڕستەیەکی ئاسایی، کە بارگاویی بوو بە خواستێکی بەردەوام و ئاواتێکی نەمری گەلانی بێ دەوڵەت لەو ڕستەیەدا خۆی نمایشت کرد . ترامپ بۆ سەردانی گۆڕەپانێکی یاری گۆلف چووە ئیرلەندا و ، لەوێ لێیان پرسی: بیروڕات بەرامبەر بە یەکگرتنەوەی کۆماری ئیرلەندا و بەشی ئیرلەندای باکوور کە سەر بە ئینگلیزستانە چۆنە؟ ئەویش وتی: ئەگەر ئەوە رووبدات، رووداوێکی مێژووی گەورە و بێ هاوتایە و ئەمە بۆ دەبێت کارێکی نەشیاو و هەڵە و خراپ بێت؟!. ئەم وەڵامە وەک بوومەلەرزەیەکی سیاسی بێوێنە لە مێژووی بەریتانیا و ئەوروپادا کاریگەریی بەجێهێشت. دەمودەست دوای ئەوە سەرۆکی ٣ پارت و حوکم بەدەست لە ئیرلەندە و

سکۆتلەندا و وێڵز کۆبوونەوەیەکی لوتکەیان ئەنجام دا و لە ڕاگەیاندنێکدا پرسی جیابوونەوە و ریفەڕاندۆمی سەربەخۆییان چالاک و پووژانەوە. ئیرلەندا دوورگەیە لە سەدەی ١٧ ەوە ئینگلیز داگیری کردووە. خبات بۆ سەربەۆیی ئەم دورگەیە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و دواجار بە فەرمی ئینگلیز لە ساڵی ٢٢/١٩٢١ دابەشی کردووە . ئەوەی سەیرە هەتا ئێستا ئیرلەندای باکوور لەگەڵ یەکگرتنەوەدا نەبوو، بەڵام ماوەی ١٠ ساڵ زیاترە دەنگی جیابوونەوە و یەکگرتنەوە و سەر بەخۆیی تا بێت بڵندتر دەبێتەوە.

بە پێی رێکەوتنامەی هەینی پیرۆز Karfreitagsabkommen ی ساڵی ١٩٩٨, کە شەڕی هەردوو ئیرلەندای کۆتایی پێهێنا، ئینگلیز کاتێ رازی دەبێت بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیرلەندا، کە ، زۆرینەی ئیرلەندای باکوور کە لە رووی مەزهەبەوە پرۆتیستانتن و لەگەڵ ئینگلز دەبنە هاومەزهەب نێزیکن دەنگ بۆ یەکگرتنەوە بدات.حاڵی حازر ئەو زۆرینەیە لەبەردەستدا نییە و لە ئێستادا ٥٨ دەر سەدی ئیرلەندییەکان دژن.. بەڵام داوای یەکگرتنەوە تا بێت زیاد دەکات.. گەشەی دیمۆگراڤی ڕۆڵێکی گرنگ لەم کایەدا دەگێرێت.. بۆ یەکەم جارە لە ئیرلەندای باکوور ژمارەی کاسۆلیک ژمارەیان لە پرۆستەستانتەکان زیاتر دەبێت.

لە ساڵی ٢٠٢٢ ەوە پارتی شین فین Sinn Féin بۆ یەکەمجار گەورەترین پارتی لەناو پەرلەمانی باکووری ئیرلەندا پێک دێنێ.. سەرۆکەکەی خاتوو Michelle O'Neill وەک یەکەم سەرەکوەزیران کە یەکگرتنەوە بە ئامانجی سەرەکی دادەنێت و بۆی تێدەکۆشێت. پرسی یەکگرتنەوە بابەتێکی گەرموگوڕی بەردوامی ئەم سەرۆکوەزیرانە و پارتەکەیەتی. دوای تەقاندنەوەی پرسی ریفەراندۆمی سەربەخۆیی ، حکومەتی Westminster هەر بە تەنیا رووبەڕووی کێشەی ئیرلەندا نەبۆتەوە، بەڵکوو کێشەی سکۆتلەندە و وێڵزیش بابەتێکی تری جێی نیگەرانی لەندەنە. سکۆتیی و وێڵزیش لەلایەن پارتە ناسیۆنالیستەکانەوە حوکمڕانی دەکرێن ئەوە ساڵانێکە سەربەخۆیی ئامانجێکی زیندووی خەباتیانە و سکۆتیەکان پێش چەند ساڵێک بەڕێگای ڕیفەراندۆم هەوڵیان دا، بەڵام یەکێتی ئەوروپا بووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەمیدا کاتێ لە ژێر گوشاری بەریتانیادا وتی:

ئێمە هیچ دەوڵەتێکی نوێ لە یەکێتییەکەمان وەرناگرین و ڕێگەش نادەین دراوەکەمان یۆرۆ بەکار بهێنن. لە سکۆتلەندا پارتی ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی SNP کە لەباکووری وڵات دەیان ساڵە هەژموونی سەرەکی هەیە. لە وێڵز پارت ناسیۆنالیستی Plaid Cymru لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاردا یەکەمی هێنا، کۆتایی بە هەژموونی ١٠٠ ساڵەی دەسەڵاتی پارتی کرێکاران لەو دەڤەرە هێنا. ڕۆژی دووشەممە ١٤.٩.٢٠٢٦ بۆ یەکەم جار سەرۆکی ٣ پارتی ناسیۆنالیستی و حکومەت Michelle O'Neillلەپارتی شین فینی ئیرلەندایی و John Swinney لە پارتی ناسئۆنالیستی سکۆتلەندی و Rhun ap Iorwerth لە لە پارتی Plaid Cymru ی وێڵزی لە دیدارێکی لوتکەدا لە شاری کاردیف Kardiff ی پایتەختی وێڵز بەیەک گەیشتن. لەوێدا بە هاوبەشی رایانگەیاند « سەردەمی Westminster کە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و کولتووری بەریتانیا لە لەندەن بەرەو کۆتایی هاتن دەچێ».. جەختیان کردەوە کە دەیانەوێ لە بەریتانیای گەورە جیا ببنەوە. « هەر یەک لە نەتەوەکانی ئێمە مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر ئایندەی خۆی بدات، لەڕێی ئامرازی دیموکراسی و هاودەنگ لەگەڵ ویست و خواستی گەلانیان دا.

لەم ڕووەوە داوا لە حکومەتی لەندەن دەکەین، ڕێگەی ئەنجامدانی گشتپرسییەکی سەربەخۆیی سکۆتلەندا بدات و ئامادەکاریی و پلان ئامادە بکات. کێشە ئەوەیە لە رووی یاساییەوە بێ ڕەزامەندی Westminster هیچ ریفەراندۆمێک ئەنجام نادرێت . لە دوای ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٤ کە لە ئەنجامدا دەنگدان بۆ مانەوە لە بەریتانیا سەرکەوت ،حکومەتی سکۆتلەندا چەندین جاری تر داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دووەمی کردووە. بەڵام Westminster بەردەوام وتوویەتی نەخێر. ئەندی بێرنهامی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەم دواییانەدا پشتڕاستی کردەوە کە ڕیفراندۆمی

دووەمی سکۆتلەندا لە ئێستادا هی باسکردن نییە. بەڵام بە پێچەوانەوە John Swinney لە کۆبوونەی لوتکەی کاردیفدا وتی: ئێستا کاتی ئەنجامدانی ریفەراندۆمی دووەم هاتووە.دەیەوێت تا ساڵی ٢٠٣١ ئەو کارە ئەنجام بدات.. سکۆتلەندە لە راپرسی پێشوودا ٥٥ دژی جیابوونەوە و ٤٤ بۆ جیابوونەوە بوون ئێستا ٥١ بۆ سەربەخۆیی و ٤٧ دژن بەپێچەوانەوە لە وێڵز Rhun ap Iorwerth هێندە پەلەی نییە، چونکە داوای جیابوونەوە هێندەی وڵاتی سکۆتلەندا و ئیرلەندا بەهێز : ئامانجی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دەستبەجێی نییە لە ماوەی خولی ئێستای پەرلەماندا. پێدەچێت ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پشتیوانی بۆ جیابوونەوە لە ئینگلتەرا لە وێڵز بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە سکۆتلەندا یان ئێرلەندای باکوور.

سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتێکی سەربەخۆی وێڵز وەک ئامانجی درێژخایەن دەمێنێتەوە. لێ ئەگەر کۆتایی مانگی سێپتەمبەر لە شاری Aberystwyth خۆپیشاندان بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکرێت، ئەوا ئەو وەک سەرۆکی حیزب و سەرۆک وەزیران بەشدار دەبێت.

ڕەنگە بەم دەمودەستە بەریتانیا هەڵنەوەشێتەوە، بەڵام هێزی ناوەندی بەردەوام بەهێز دەبێت و هەڕەشە لەسەر لەندەن تۆکمەتر و دینامیکی تر دەبێت.. خاڵێکی بەهێزی دەستی ئەم نەتەوانە بڕیاری برێکست بوو ک بەریتانیا لە ٣١.١.٢٠٢٠بە یەکجاری ماڵی خۆی لە یەکێتی ئەوروپا جیاکردەوە و کشایەوە. ئەگەر دۆخەکە وا بڕوات ڕەنگە ئاندی بورنهام دوا سەرەکوەزیرانی بەریتانیا بێت. لەندەن لە ١٠ ساڵی رابووردوودا ٧ سەرەک وەزیران گۆڕە و هێشتا لە قەیرانەکانی سیاسیی و ئابورییەکانە رزگاری نەبووە. پارتی کۆنزەڤاتیف ٢٤ ساڵ حوکمی کرد هیچی نەتوانی بکات و دوای ئەو پارتی کرێکاران هات، ئەویش هیچی پێ نەکراوە و ناکرێت.

لە کاتێکدا شانشینی یەکگرتوو لە کورتخایەندا جیا نابێتەوە، بەڵام لە ئێستادا هێزە سەنتەر بەهێزتر دەبن. سەرکردەکانی وڵاتانی سکۆتلەندا و وێڵز و ئێرلەندای باکوور لە کۆبوونەوەکەدا لە وێڵز وتیان: بزووتنەوەکانمان زەبری هێزیان هەیە. جۆن سوینی هۆشداریدا و وتی: "دەبێت ئەندی بێرنهام لەگەڵ ئەگەری ئەوەدا ڕێکبکەوێت کە وەک دوا سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بچێتە مێژووەوە". پێدەچێت پرسیاری دەستووری تادێت بەپەلە بێت، بەتایبەتی لە ئیرلەندای باکوور – و لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، لایەنگرانی ئێرلەندای یەکگرتوو، بەهێزترین پیاوی جیهانیان لە لای خۆیانە. سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ئاندی بورنهام هیچ گفتێکی گەورەی نەداوە، ئەگەرچی باسی ریفەراندۆمی سکۆتلەندا و ئیرلەندای کردووە. بەڵام بۆ نموونە وێڵزەکان دەیانەوێ پۆلیس لەدەست دەسەڵاتی خۆیاندا بێت نەک وەک ئەوەی ئێستا لە لەندەنەوە بڕیاریان بۆ دەدرێت.. بەهەرحاڵ ئەگەر ئینگلیز دەست شل نەکەن و مافی زیاتر بەم نەتەوانە نەدەن ، خۆری ئەم شانشینە بەرەو ئاوابوون دەچێت و هەر دەبێت بشچێت! چونکە ویست و خواستی ئەو گەلانە بۆ سەربەخۆیی شتێک نییە بتوانرێت بۆ هەتا هەتایە بتاسێندرێ و بکوژێندرێتەوە، ئەم نەوەیەش بە ئامانجی سەربەخۆیی نەگات و بە دێفاکتۆی ئێستا ناچارانە ڕازی بێت، نەوەیەکانی تر دەستبەرداری سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان نابن.

هەڵبەت ئەنجامدانی ریفەڕاندۆم لە بەریتانیا گەرموگوڕی و وزە و مۆتیڤ بە نەتەوەکانی تری بێ دەوڵەت و بندەستی ئەوروپا و جیهان دەبەخشێت کە ئەوانیش سەرلەنوێ بۆ مافی چارەنووسی خۆیان تێبکۆشن.. ئەم هەنگاوە گرنگە نەتەوەیی و سیاسییە بۆ کاتالۆنی و باسک و گالیزی لەئیسپانیا و تیرۆلی خواروو و کۆرسیکایی و بریتۆنی لە فەرەنسا و زۆر وڵاتانی ریش هەستیار و خرۆشێنەر دەبێت و ئیلهامی لێ وەردەگرن و سەرلەنوێ ئەوروپا دەبێتەوە بە شانۆی سەربەخۆیی میللەتان و میللەتە دواکەوتووەکانی وەک کوردیش لە خەوی خەفڵەت بە ئاگا نایەنەوە و لە شەوارە دەقی کتێبەکان خۆیان رزگار ناکەن و ژەهری ئایدۆلۆژیا فرێ نادەن و نەتەوە و نیشتمانەکەیان ناکەنە قوربانی ئایین و مەزهەب .

***************

دەقی چاوپێکەوتنە: بۆ :هەر سێ نەتەوەی ئیرلەندا، سکۆتلەندا و وێڵز دەیانەوێ لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا جیابنەوە، بە ڕێگەی ریفەراندۆمی سەربەخۆیی؟؟.. شارەزایەک وەڵام دەداتەوە.. و .هەڵۆ بەرزنجەیی

چاوپێکەوتنی Tilman schrröter لەگەڵ Nicolai von Ondarza

#بەڕێز ڤۆن ئۆندارزا، هەفتەی ڕابردوو، سەرکردەی پارتەکانی ئێرلەندای باکوور، سکۆتلەندا و وێڵز بە هاوبەشی داوای مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە شانشینی یەکگرتوو کرد. ئایا ئیتر شانشینی یەکگرتوو هەڵدەوەشێتەوە؟

من لەو بارەیەوە تۆزێک بە پارێزم. خودی داواکارییەکە شتێکی نوێ نییە. ئەم سێ لایەنە- پلاید سیمرو لە وێڵز، سین فاین لە ئێرلەندای باکوور و پارتی سۆسیالیستی سۆسیالیستی لە سکۆتلەندا- چەندین جار توانیویانە بگەنە ئەو ئاستە. بەڵام ئێستا ڕەهەندێکی نوێی هەیە. ئەوەش ئەوەیە کە ئەوان لە هەر سێ پارچەی وڵاتدا حوکم دەکەن. جیابوونەوەی شانشینی یەکگرتوو ئەگەر هەر ڕووبدات، پرۆسەیەکی مامناوەندە. سەرەتا دەبوو دانوستان لەگەڵ لەندەن بکرێت.

#بۆچی؟

بەپێی یاسای بەریتانیا، ڕیفراندۆم پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەیە لە لەندەن. ئەمەش بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٤ لە سکۆتلەندا ڕوویدا. لەو کاتەدا نزیکەی ٥٥% دەنگیان بە جیانەبووەی سکۆتلەندا لە بەریتانیا دا.

#ڕاپرسییەکانی ئێستا چی دەڵێن؟

لە سکۆتلەندا دەنگەکان بە نزیکەیی ٥٠/٥٠ یە. لە وێڵز کەمتر لە ٤٠% پشتگیری سەربەخۆیی دەکەن. ئێرلەندای باکوور حاڵەتێکی تایبەتە. لەوێدا ڕێکەوتنی Kartreitag کە بۆنەیەکی ئایینی پیرۆزە باس لەوە دەکات کە ڕیفراندۆم تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کە زۆرینەی دەنگدەرانی ئێرلەندای باکوور پشتگیری لە جیابوونەوە لە بەریتانیا یەکگرتنەوە لەگەڵ ئێرلەندا بکەن.لە هاویندا، ڕاپرسییەکان لە ئێرلەندای باکوور ئاماژەیان بەوە کردووە کە لەسەدا ٦٣ی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدان ئێرلەندایەکی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەوروپا.

#ئایا ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی سەرکردەکانی حیزب ئەم داوایە بکەن و ڕاگەیەنن ؟

دوایین هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی وێڵز و سکۆتلەندا لە مانگی ئایاردا بوو. لە هەردوو وڵاتەکەدا پارتەکانی لایەنگری سەربەخۆیی هاتنە سەر دەسەڵات یان لە دەسەڵاتدا مانەوە. جگە لەوەش، سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی نوێی پارتی کرێکاران، ئەندی بێرنهام Andy Burnham ، بانگەشە بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتەکان دەکات لە ئاستی نیشتمانییەوە بۆ ئاستی ناوچەیی و ناوخۆیی. ڕەنگە ئەو سێ لایەنە بیریان لەوە کردبێتەوە: "ئەگەر بەڵێنی ئەمە بە ناوچە ئینگلیزەکان بدات،پێویستی هەقی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییمان بەخۆمان دەدەین". سەرانی پارتەکان سیاسییەکان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە داهاتووی خۆیان لە یەکێتی ئەوروپا دەبیننەوە.

#ئەگەر سەربەخۆیی بەڕاستی بێتە ئاراوە، ئایا ئەوە سیناریۆیەکی واقیعی دەبێت؟

پێدەچێت نا واقعی نەبێت. هەروەها لە ڕوانگەی منەوە ئەوە مۆدێلێکە بۆ ئەوەی چۆن دەتوانن داهاتووی بەدەوڵەتبوونی خۆیان ڕامان بکەن و بهێننە بەرچاو. مەبەستت لەوە چییە؟ دیدگای وڵاتێکی سەربەخۆ بە تەنیا قەناعەت پێکەر نییە. لەگەڵ تێڕوانین و ئاسۆی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا، دەتوانرێت نێت و پلانەکە بە ئاماژەدان رابگەیەنن : دەتوانین سەربەخۆ بین، بەڵام لە هەمان کاتدا هێشتا وەک بەشێک لە یەکێتییەکی بەهێزی یەکێتی دەوڵەتان بمێنینەوە.

#ئایا ئەم هەنگاوە تەنها یەکێتییەکی دەوڵەتان بە یەکێتییەکی دیکە ناگۆڕینەوە؟
ئەوە پارادۆکس و دژبەیەکە بۆ نموونە لایەنگرانی سەربەخۆیی سکۆتلەندا بە نزیکەیی هاوشێوەی لایەنگرانی Brexit لە ئینگلتەرا ئارگومێنت بەکاردەهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنگری سەرسەختی ئەندامێتین لە داهاتووی یەکێتی ئەوروپادا. بەڵام لایەنگرانی سەربەخۆیی دووانەیی و یەکجاری ڕەهاش هەن.

#ئەم خواستە نەگۆڕە بۆ جێهێشتن و جیابوونەوە لە بەریتانیا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟
سیاسەتی بەریتانیا لە ڕادەبەدەر نایەکسانە. سکۆتلەندا و وێڵز و بە تایبەتی ئێرلەندای باکوور هیچ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڕیارە سەرەکییەکانی ساڵانی ڕابردوودا نەبووە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم ناوچانە هەست بکەن کەس نوێنەرایەتییان ناکات. وە ئەمەش بەتەواوی جیاوازییەکە بە بەراورد بەوەی لە یەکێتی ئەوروپا بەڕێوە دەچێت. لێرەدا، ئەوان قسە و نوێنەریان لە پەرلەمانی ئەوروپا دەبوو. دەستدرێژیکردنە سەر سەروەری نیشتمانی بە بەو ئاسانیی سادەیی کەمتر قووڵ شۆڕدەبێتەوە ناوەوە و کاریگەریی دەبێت لە چاو ئەوەی بەریتانیا دەیکات و سیاسەت تەنیا لە London & Westminster چڕ بووەتەوە. ئەندی بێرنهام لە کۆتایی مانگی تەممووزەوە لە لەندەن حوکمڕانی دەکات، دوای ئەوەی بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیای بەدەستهێنا. ئایا ئەم کۆبوونەوەیەی سەرکردەکانی هەرێم بۆ ئەو شکست بوو؟ بە دڵنیاییەوە کارنامەکەی ئاڵۆزتر دەکات. بانگەشە بۆ دێسەنترالیزم و ئۆتۆنۆمی زیاتر بۆ ناوچە ئینگلیزەکان دەکات. بۆی قورستر دەبێت کە بڵێت : بۆچی لە لایەژ دەیەوێت ئەمە لە ئینگلتەرا جێبەجێ بکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دژی ئەوە بووەستێتەوە دەسەڵاتی زیاتر بدات بە سکۆتلەندا و وێڵز و ئێرلەندای باکوور. ئایا تەنانەت دەتوانێت ڕێگە بە ڕیفراندۆمی نوێی سەربەخۆیی بدات؟ لە ئێستادا نەک؛ ئەوەش بۆ ئەو زۆر مەترسیدار دەبێت. بۆ نموونە لە سکۆتلەندا کە ڕاپرسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ٥٠/٥٠ن، ئەوە بۆ بێرنهام مەترسییەکی زۆری دەبێت: بە دڵنیاییەوە نایەوێت وەک سەرۆکوەزیران بچێتە مێژووەوە کە بەریتانیا لەسەر دەستی ئەودا هەڵدەوەشێتەوە.

#ئایا بێرنهام دەتوانێت بە شێوازی تر وڵاتەکان لەخۆبگرێت؟

بەڵێ، بە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی زیاتر بۆ هەرێمەکان، بۆ نموونە لە بواری سیاسەتی باجدا. بەڵام دڵنیام کە ئایا ئەوە بەڕاستی دەتوانێت بەرپەرچی نارەزایی سکۆتلەندا، وێڵز، یان ئێرلەندای باکوور بداتەوە. بێزاری لە سروشتی لەندەن سەنتەری سیاسەتی بەریتانیا هەر ماوە. کۆبوونەوەی سەرکردەکانی حیزب لە ئینگلتەرا چۆن پێشوازی لێکرا؟ ئەوەی جێگای سەرنجە، ڕۆژێک

دوای ئەوە لە میدیاکانی ئینگلیزیدا ڕووماڵێکی کەمی لێکرا. ئەوە زۆر شتمان پێ دەڵێت، کە سیاسەت لە ئینگلتەرا چەندە دوورە لە ویستوخواستی ئێرلەندای باکوور، وە هەروەها لە سکۆتلەندا و وێلزیش. کەواتە باری سەرنج و ڕەخنەکانی ئەو سێ وڵاتە ڕاستە: بەپێی پێویست بە جددی وەرناگیرێن و هەژماریان بۆ ناکرێت.

#مەترسی جیابوونەوەش ئاخر ئەوەندە کەم نییە؟

بەڵێ کەمە. لە مەودای کورتخایەندا، ئەوە پرسێک نییە. بەڵام لە درێژخایەندا بۆ من جەخت لەسەر ئەو ڕێگا سیاسییە جیاوازانە دەکاتەوە کە سکۆتلەندا و وێلز و ئێرلەندای باکوور دەیگرنەبەر بە بەراورد بە ئینگلتەرا. هەر بۆیە پرسیاری ئەوەی کە ئەمە چۆن وەرگیراوە ئەوەندە گرنگە. ئەو ڕاستییەی کە دەستپێشخەرییەکە کاردانەوەی کەمی لێکەوتووەتەوە، ئەوە نیشان دەدات کە لە گفتوگۆ و گەنگەشە فراوانەکانی ئینگلیزیدا چەندە کەم گرنگی بە پرسە جۆراوجۆرەکانی ئەم سێ وڵاتەکەی دیکەی پێکهێنەری شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دەدرێت .